No: ژمارە: ٢٠

Data: ڕۆژ: ٢٠١٥/٨/١١

# بڕیاری ژمارە (٢٠) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە كۆبوونەوەی پانزدەیەمی خۆیدا لە هۆڵی كۆبوونەوەكانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٨/١١، بە سەرپەرشتیی سەرۆكی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆكایەتیی و (٢٥) ئەندام، لە كۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی (٢٥) ئەندام، بەمەبەستی بەرگرتن لە گۆڕینی دیمۆگرافیی سنوری پارێزگای سلێمانی، بڕیاریدابە:

١. ڕێگرتن لە گواستنەوەی ناسنامەی باری شارستانی و خانە، لە هاووڵاتیانی غەیرە كوردەوە بۆ سنوری پارێزگای سلێمانی، تا ئەو كاتەی شەڕی دژی داعش و باری ئاوارەبوون لە عێراقدا تەواودەبن، ئەمەش بەپشتبەستن بە مادەی (١٨) بڕگەی پێنجەم لە دەستووری عێراقی.
٢. ئەم بڕیارە ئەو كەسانە ناگرێتەوە كە هاوسەرگیریی لەگەڵ كوردێكدا دەكەن كە دانیشتووی پارێزگای سلێمانی بێت و (توحید قید)یان بۆ بكرێت.
٣. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە كاریپێدەكرێت.
٤. لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (١١) مانگی (٨) ساڵی (٢٠١٥)دا.

د.هەڤاڵ ئەبوبەكر
سەرۆكی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی